The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# بۆ چی شەهیدانی گوردانی شوان و بۆتیٚ نەهاتنە ناو دۆزی ئانراتەوە

## بۆ مێژوو

لەسەرەتای پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتەوە , هەوڵمان دا شایەد و شکایەتکار لەسەر ئەو دوو تاوانە هەبێت , خوێنی بە ناهەق ڕژاوی نزیك بە **95** پێشمەرگەی کۆمەڵە بە فیڕۆ نەچێت , ببێتە دەستپێکیش بۆ تاوانبار کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ئەنجامدانی جینۆساید بەرامبەر بە گەلی کورد, بەڵام کەس وەڵامی نەداینەوە , لە کۆتاییدا بە ناچاری دوو نامەمان بۆ بەڕێزان سەید برایم و عەبداڵای موهتەدی نارد , لە خوارەوە دەقی هەردوو نامەکە بڵاو دەکەینەوە.

بە داخەوە چۆن ئێستا هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان پێیان نەنگییە ناوی چاك بهێنن لە ڕاگەیاندنەکانیان , کە توانی ئەم دەسکەوتە گەورەیە بۆ کورد بە دەست بهێنێت . بە داخەوە نەك ئەم دوو سازمانە نەهاتن بە دوای بانگەوازەکەمانەوە , بگرە کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە بری ئەوەی دەست خۆشی لە چاك بکات بۆ ئەو هەموو کارو چالاکییەی لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی کوردستانی خۆرهەڵات و مەرگی خاتوو مەرزیە نواندی , کەوتنە گازندەو گلەیی لە چاك , هەرچەندە ئێمە ڕامان گەیاندووە نابینە بزوتنەوەیەکی سیاسی و باوەڕیشمان پێی نییە , بەڵام ئەوان نیگەران بوون لە ناوبانگ و کاری چاك لەناو کوردانی خۆرهەڵات .

ئەمە لە کاتێکدا نوێنەری چاك هەموو ڕۆژێك لە دادگا کۆنترۆڵی تەواوی قسەو باسەکانی شایەدحاڵەکانی دەکرد ئەوانەی لە ئێرانەوە هاتبوون , تەنانەت بە هەڕەشە کردنیش , کە نابێت هیچ وشەیەك لە دژ پارتە سیاسییەکانی کوردستانی خۆرهەڵات بکرێت , کار گەیشتە سەر ئەوەی جارێك نوێنەری کۆماری ئیسلامی ڕاو نرا , هەروەها چەندین چاوپێکەوتنمان بۆ کاك مستەفای بەهمەنی خۆشەویست ڕێك خست لەگەڵ کەناڵە جیهانییەکان , کە تا سەر لەگەڵمان بوو ساز کرد , بۆ ئەوەی لەسەر ئەو تاوانانە قسە بکات .

سەد مخابن باڵوێزی ئێرانی بۆ سەردەشت و زەردە و ئاڵوەتان وشنۆ دڵسۆزتر بوو لە پارتە سیاسییەکان , نوێنەری ئەو پارتانە جارێك ئامادە نەبوون لە دادگا .

ئێمە ئامانجمان تێوە گلاندنی کۆماری ڕەشی ئیسلامی بوو لەو تاوانانە , کە دەبووە سەرەتایەکی یاسایی گرنگ بۆ تاوانبارکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران , بەڵام نوێنەرانی هەردوو کۆمەڵە وەك پیشەی سیاسییەکانی کورد وەڵامی هاووڵاتیانی خۆیان نادەنەوە .

بە داخەوە ئەو دوو ڕێکخراوە بە تەنگ کۆنە هاوڕێکانی خۆیانەوە نەهاتن , ئەو هەموو کوڕ و کچە ئازایە لەو دادگا مەزنە کەسێك نەبوو نوێنەرایەتیان بکات .

سڵاو لە دڵسۆزی کاك مستەفای بەهمەنی .

نەمری بۆ شەهیدانی کوردستانی خۆرهەڵات.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد–چاك 25–12–2005**

The Centre of Halabja Against Anfalization and Genocide of the Kurds C.H.A.K www.chak.info

Nawendî Helebce Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd ÇAK contact@chak.info

بەڕێز : سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران –کۆمەڵە .

بەڕێزان لە درێژەی پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات ، قاچاخچی چەکی کیمیاوی کە هەر ئێستا لە هۆڵەندە زیندانە ، ئێمە وەك ناوەندی چاك کێشەی شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی گوردانی شوان و هێرشی کیمیاوی بۆسەر ئۆردوگای بۆتێمان خستۆتە بەر باس لەگەڵ پارێزەرەکەمان ، کە ئەوان بە لایانەوە کێشەیەکی تازە بوو ، داواتان لێدەکەین وەك کۆمەڵە ئێوەش دەتوانن بەشێك بن لە کێشەکەو شکایەت بکەن لە تاوانبار ، نوێنەر بۆ ئەم کارە دیاری بکەن .

بۆ پەیوەندی: **003164781265**

khadir8@yahoo.com

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد–چاك **10–7–2005**

**www.chak.info**

**chak_org@yahoo.com**

---

ئەم نامەیە بۆ بڵاو کردنەوە نییە .

**The Centre of Halabja**
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

**Nawendî Helebce**
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

## بەڕێز : کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی–ئێران

بەڕێزان لە درێژەی پرۆسەی دادگایی فرانس ڤان ئەنرات ، قاچاخچی چەکی کیمیاوی کە هەر ئێستا لە هۆڵەندە زیندانە ، ئێمە وەک ناوەندی چاک کێشەی شەهیدکردنی پێشمەرگەکانی کوردانی شوان و هێرشی کیمیاوی بۆسەر ئۆردوگای بۆتێمان خستۆتە بەر باس لەگەڵ پارێزەرەکەمان ، کە ئەوان بە لایانەوە کێشەیەکی تازە بوو ، داواتان لێدەکەین وەک کۆمەڵە ئێوەش دەتوانن بەشێک بن لە کێشەکەو شکایەت بکەن لە تاوانبار ، نوێنەر بۆ ئەم کارە دیاری بکەن .

**بۆ پەیوەندی :003164781265**

**khadir8@yahoo.com**

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی گەلی کورد–چاک 10–7–2005**

**www.chak.info**
**chak_org@yahoo.com**

---

ئەم نامەیە بۆ بڵاو کردنەوە نییە .